ڕۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

پەیامی قیبلە

زنجیرەی
٤٨



# پەیامی خزمەت

# گفتوگۆی نێوان ڕۆبن و هاری

د.عومەر عەلی

٢٠٢٠

زنجیرە (٤٨)

## پەیامی خزمەت

# گفتوگۆی نێوان ڕۆبن و هاری

د. عومەر عەلی

٢٠٢٠

پەیامی قیبلە
ڕۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

ناوی کتێب: پەیامی خزمەت (گفتوگۆی نێوان ڕۆبن و هاری)

نوسەر: عومەر عەلی

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە ( )ی ساڵی ( )ی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی:

یاساکان دەتوانن کاریگەری زۆر و سەرەکیان لەسەر پتەوی و باشتر کردنی خزمەتگوزاریەکان هەبێ، بەڵام هەرگیز ناتوانن بە تەواوی کۆنترۆڵی بکەن مەگەر خودی کەسەکان خۆیان پەروەردە کردبێ، لە ناخەوە ئیشەکەیان خۆش بوێ و بەرپرسیاریەتی بوبێت بە خەسڵەت تێیاندا نەك تەنها ئەرك، ئەوسا دەتوانن کارەکان بە باشترین شێوە ئەنجام بدەن و ڕۆحی بەرانبەریش ئاسودە بکەن، خەندەیەك گەرچی زۆریش سادە بێ لە جێگەی خۆیدا کاریگەری زۆر دروست دەکات، جوابدانەوەی مەراجیعێك بە ئەدەبەوە تۆوێکی دروست لەناخی بەرانبەردا دەچێنێ، هەروەك چۆن مۆنیەك و گوێ پێنەدانێك لەوەیە هەرگیز لەبیر نەچێتەوە.

هیچ یاسایەك ناتوانی کۆنترۆڵی ناخی مرۆڤەکان بکات، بە ڕۆحیەتێکی نەیارانەوە سەیری کەسێك بکە هەست بە شەپۆلەکەی دەکات، کارەکەشی بەباشی بۆ ئەنجام بدەیت مەمنون دەبێ بۆ کارەکە بەڵام ئەو نیگایەی

لەبیـر ناچـێ، دکتـۆر محمـدی خانـی دەڵـێ: کاساوسـێ زگ تێـر نـاکات گەرمـی دەکات، ئـەو گەرمیـە لـە مەحیبەتەکەدایـە، گـەر مەحیبەتـت هەبـێ بـۆ ئـەوەی کاری دەکەوێتـە لات و کارەکەشـی بـۆ ئەنجام نەدەیت لەبـەر هـەر هۆکارێـك ناتوانـێ لێـت نیگـەران بـێ، عـوزرت بـۆ دەهێنێتـەوەو بـە گومانـی باشـەوە تێـی دەڕوانـێ، چەنـد ناخۆشـە ناوبانگـی ڕوگـرژی و خراپـی مامەڵـەت لەنـاو خەڵکـدا بـڵاو بێتـەوە، کەسـێك ئیشـێکی کەوتـەلات حـەز بـە چـارەت نـەکات جارێکـی تـر!

هەسـتان بـە بەرپرسـیاریەتیەکانمان چەندێـك ئەرکێکـی مـادی بـێ زیاتـر ڕۆحیـە، دەتوانـی بـە باشـتر ئەنجامدانـی کارەکان و مامەڵـەی خـۆش لەگـەڵ دەوروبـەردا پاداشـتی مـادی و پاداشـتی مەعنەویـش وەرگـری، بـۆ ئـەوەی کەسـێکی چـاك بیـت حەقـی زیاتـر بـە ئەرکـەکان بـدە، تـا زیـادی هەبـێ سـودی زیاتـر وەردەگـری، بـەڵام کەمـی هەبـێ تاوانبـار دەبـی.

کێشـەی خـۆت تێکـەڵ بـە ئیشـکرد ئـەوە خیانەتـت کـردووە، حەقـی خـۆی بـەکارەکان نەدەیـت ئـەوە تـۆ بندیـواری، هەیـە سـەد لـە سـەد بندیـوارە، ئـەوەی هـەر موچـە وەردەگـرێ و ئیـش نـاکات، هەیـە بەپێـی کەمـی ئیشـەکەی دەبێتـە بندیـوار، ئیـتر نسـبەتەکە بەپێـی کەمیـە لـە کارەکـەدا، هەیـە لە سـەدا پەنجـا بندیـوارە، هەشـە پلـەی لـە سـەد زیاتـرە، خـوای گـەورە و عەبدەکانیـش لێـی ڕازیـن.

ئیتر خۆت سەرپشکی چ پلەیەك بەخۆت دەدەی...

# گفتوگۆی نێوان عومەر عەلی (ڕۆبن) و هاری.

## پێش گفتوگۆ:

بۆ زیاتر سوود و بەرچاوڕوونی، بە گشتی ئیش دابەش دەبێت بەسەر ٢ جۆردا.
جۆرێکیان: مامەڵەکردنە لەگەڵ ئامێردا، وەك ئیشکردن لە کارگەکان، لە دوکان، کرێکاری وە هەروەها...
جۆرێکیشیان: مامەڵەکردنە لەگەڵ مرۆڤدا، وەك مامۆستایی، یان فەرمانبەری وە هەروەها...
هەرچەند جۆری یەکەمیش هەر مامەڵەی تێدایە لەگەڵ مرۆڤدا، بەڵام ئیشی سەرەکی لەگەڵ ئامێردایە، ئەوەی کە دەکەوێتە گەڵ مرۆڤەکە زیاتر لە چوارچێوەی فەرمان و ڕێپیشنداندایە، بۆ نمونە کرێکارە پێی دەوترێ ئەوە بکە، یان ئەوە مەکە، یان بەو شێوەیە بیکە، زیاتر فەرمانی بەسەردا دەدرێ.
جۆری دووهەمیش مانای وا نییە ئامێری تێدا نەبێ، بەڵام ئیشە سەرەکیەکەی مامەڵەیە لەگەڵ مرۆڤدا، بۆ نموونە سایەق تەکسیەك تەکسی لێ دەخوڕێ و ئامێرە، بەڵام ئیشەکەی نەفەر گواستنەوەیە، مامەڵەی ڕاستەوخۆ و دوو بەدووی لەگەڵ نەفەردا دەبێ...
جۆری یەکەمی کارەکان بە گشتی ئاسانە، زۆربەی هەرە زۆری هیچ بڕوانامەیەکی ناوێ، هەتا ئەزموونیشی پێویست نییە، بە ئاسانی لە کارگەیەکدا دادەمەزرێ و بایی ئیشەکەی خۆی بە ئاسانی و خێرایی فێر دەبێ، یان هەیە بڕوانامەی دەوێ، بەڵام بە گشتی هەر ئاسانە،

ئـەو بڕوانامانـەش بـە خولێکـی خێـرا بەدەسـت دێـت.
جـۆری دووهـەم بڕوانامـە و، زۆرجـار ئەزمووونیشـی پێویسـتە، لـە شۆفێرێکی تەکسیەوە بگرە کە لەوەیـە ئاسـنترینی بێـت، تـا دەگاتـە پلـە بـاڵاکان و فەرمانگـە و زانکـۆکان.
تـا مەمەڵەکـە زیاتـر و ورد بـێ، حسـاباتی بڕوانامـە و، ئەزمـوون تێیـدا چڕتـرە، جگـە لـە هەمـوو ئەوانـە، بڕوانامەیەکـی تـری دەوێ کـە بـە خوێنـدن بەدەسـت نایـەت، بەڵکـو بـە ئـەدەب و ڕەوشـت بەدەسـت دێـت، لـە بەریتانیـا، بـەو بڕوانامـە دەوتـرێ:
DBS
کە کورتکراوەیە، بە درێژی پێی دەوترێ:
Disclosure and Barring Service
ئـەم دوکومێنتـە، یـان بەڵگەنامـە، نیشـاندەری ئـەدەب و ڕەوشـتی هەڵگرەکەیەتـی، بـە گشـتی ٣ سـاڵ جارێـك دەبـێ تـازە بکرێتـەوە بـۆ زۆر لـە ئیشـەکان، هـەر ئیشـێ پەیوەسـت بێـت بـە مامەڵەکـردن بـە مرۆڤـەوە دەبێـت داوای ئـەو بڕوانامـەی بـۆ بکەیـت، تـا بـە بەڵگـە نیشـان بـدرێ کـە ئـەو کەسـە خاوەنـی ئـەدەب و ڕەوشـتە، بـە بڕوانامـە مەلەفـی پاکـی خـۆی نیشـان بـدات کـە هیچـێ تێـدا تۆمـار نەکـراوە.
هـەر کارێکـی نایاسـایی کرابێـت، ئـەو کارانـەی کـە دەکەوێتـە چوارچێوەی مامەڵەکـردن بـە مرۆڤـەوە، لـەو بەڵگـەدا تۆمـار دەبـێ، گـەر کەسـێك سـەرپێچیەکی مـرور یـان شـتێك لـەو شـێوانە بـکات ئـەوە ئاسـاییە، عادەتـەن پسـولەی سـەرپێچی بـۆ دەکـرێ، یـان چەنـد خاڵێـك لـە ئیجازەکـەی کـەم دەکرێتـەوە، بـەڵام هـەر سـەرپێچیەك پەیوەسـت بێـت بـە مرۆڤـەوە، دەچێتـە ئـەو نـاو ئـەو بڕوانامەیـە، بـۆ نموونـە شـەڕ، دەسـدرێژی سێکسـی، قاچاخچێتـی، هـەر کردارێکـی ڕاسـتەوخۆ گـەر لـە

گـەڵ مرۆڤـدا بـێ.
بـۆ نموونـە دەتـەوێ لـە قوتابخانەیەکـەوە تـا زانکۆیـەك کار بکەیـت، جگـە لـە بڕوانامـە و ئەزمـوون دەبێـت ئـەو بەڵگـەی ئـەدەب و ڕەوشتەشـت بـۆ بێتـەوە، ئەوسـا دەتوانـی لەکارەکـە بـەردەوام بیـت، گـەر هاتـوو سـەرپێچیەك لـەو بڕوانامـەدا تۆمارکـرا، ئەوسـا کارەکـە لـە دەسـت دەدەیـت، چونکـە ئـەوە نیشـانەی نەبوونـی مامەڵـەی دروسـتە لەگـەڵ مرۆڤدا، واتـە بڕوانامـە زانسـتیەکە ناخـوات، مـادام کێشـە لـە بڕوانامـەی ئـەدەب و ڕەوشـتیەکەدا هەبـێ.
زۆربـەی جێگـەکان دەبێـت بـە تایبـەت بەنـاوی جێگەکـەوە داوای ئـەو بڕوانامـە بکـرێ لـە پۆلیـس، وە ٣ سـاڵ جارێـك دەبـێ تـازە بکرێتـەوە، گـەر کەسێك ٢ ئیـش بـکات لـە یـەك کاتـدا، زۆربـەی جێگـەکان هەتـا ئـەو بڕوانامـە بـا نـوێ یش بێت و ٣ ساڵیشـی بەسـەردا نەڕۆشـتبێ هەرناخوات، ئەویـش دەخـوازێ دانەیەکـی نـوێ بەنـاوی جێگەکـەی خۆیانـەوە بـێ.
زۆر جێگـە هەتـا ئـەو بڕوانامـە بـەو شـێوەیە وەرناگـرێ، داوا دەکات دەبێت لـە ڕێگـەی ئـەو دەزگای کـە ئـەو بڕوانامـە دەدات، دەبێـت بەرزتریـن پلـەی داوا بکەیـت و، بـە شـێوەیی ئۆنلایـن ژمارەکەیـت هەبـێ.
کە پێی دەوترێ:
Enhanced
وە بە شێوەی:
The Update Service
ئەمەیـان ئیتـر پێشـکەوتوترینیانەو بـۆ هەمـوو جێگەیـەك دەخـوات، هـۆکاری ئـەوەش ئەوەیـە: گـەر کێشـەیەکی بـێ ئەدەبـی و بـێ ڕەوشـتی لـە مەلەفەکەتـدا ڕوویـدا یەکسـەر ئـەو جێگـەی کـە کاری لـێ دەکەیـت دەزانـێ، ئەوسـا تووشـی سـزا دەبـی لـە کارەکـەوە، بـە گشـتی یەکسـەر

دەرکردنـە، واتــە وەك ئەوەکـەی تـر نییــە ٣ سـاڵ جارێـك داوای بکەیـت، کـە دەکـرێ بـۆ نموونــە مامۆسـتایەك تووشــی کێشــە ببێـت لەگـەڵ قوتابییەکـەدا بـۆ نموونـە دەسـدرێژی سێکسـی، کـە بـە داخـەوە زۆرجـار ڕوودەدات، ئەوسـا مامۆسـتاکە دەردەکـەن، ئـەو بڕوانامـە ڕەوشـتیە دەبێـت ڕاستەوخۆ بێـت بـۆ ئەمانـە، نـەك ٣ سـاڵ جارێـك نوێـی بکاتـەوە، کـە بـۆ کەسـی بـێ ڕەوشـت دەکـرێ لـەو ٣ سـاڵەدا چەندیـن جـار ئـەو کارەی کـە دەبێتـە مایـەی لـە دەسـتدانی بڕوانەمـەی ڕەوشـت لـە دەسـت بـدات.

لێـرەدا ڕوونکردنەوەیـەك پێویسـتە، کـە دەوتـرێ بڕوانامـەی ڕەوشـت، بـەو پێـوەرەی کـە لـە بەریتانیـا دانـراوە بـۆ ڕەوشـت، نەك پێـوەرە ئیسـلامیەکە، ئەڵبـەت پێـوەرە ئیسـلامیەکە یەکجـار بەرزتـرە، بەرزتریـن پلـەی ڕەوشـتە، ئـەوەی کـە پابەندبـێ بـە ڕەوشـتی ئیسـلامیەوە هەرگیـز تووشـی کێشـە نابـێ لـە بـە دەستهێنانی ئـەو بڕوانامەیـەدا.

هەمـوو ئەمانـە بـۆ؟ بـۆ ئەوەیـە کـە فەرمانبەرێـك بـە دروسـتی مامەڵـە لەگـەڵ مەراجیعەکانیـدا بـکات، لەبـەر ئەوەیـە مامۆسـتایەك بـە چـاوی خیانـەت و جنسیەوە سـەیری قوتابیەکانـی نـەکات، لەبـەر ئەوەیە سـایەق تەکسـیەك نەفەرێـك نەفڕێنـێ و ڕووتـی بکاتـەوە، یـان دەسـدرێژی بکاتـە سـەری، لەبـەر ئەوەیـە دکتۆرێـك ئـەوەی دێتـە بەردەسـتی وەك مـرۆڤ مامەڵـەی لەگەڵـدا بـکات و لایەنـی لاوازی ئـەو ئیسـتغلال نـەکات.

ئەوانـەی کـە ئینگلیـزی دەزانـن لـە بەریتانیـا، یـان ئەوانـەی لـە ئەوروپـان و زمـان دەزانــن لــەو وڵاتــەی کــە خۆیــان تێیــدا دەژیــن، هــەردەم ئــەم هەواڵانــە بەرچــاو دەکــەوێ، مامۆســتایەك دەســتدرێژی کــردە ســەر قوتابیەکـی خـۆی، یـان دکتۆرێـك کارێکـی نەشـیاوی کـرد، ئیتـر دەبێتـە مانشـێتی هەواڵـەکان، جگـە لـە ڕێـکارە یاسـاییەکان کـە دەگیرێتـە بـەر

بـۆی، کارەکەشـی لـە دەسـت دەدات.
ئەڵبـەت هەشـە داوی بـۆ دەنێنـەوە بـەو ناوانـەوە، بـەڵام دواتـر کـە سـەلما وا نییـە، قەرەبـوو دەکرێتـەوە.
لـە کوردسـتانی خۆشـماندا بـە گشـتی ئـەم بڕوانامـە هەیـە، هـەر ئەوەیـە کـە پێـی دەوتـرێ: ‹‹ئەسـتۆپاکی››، عادەتـەن لـە ئاسـایش داوا دەکـرێ، بـۆ کەسـێك کـە داوای دامەزرانـدن بـکات، بـەڵام پێـم وایـە هـەر ئـەو جارەیـە لـە کوردسـتاندا، یەکەمجـار کـە دەسـتم بـە وانـە وتنـەوە کـرد لـە کوردسـتاندا، لـە ڕێگـەی ئاسایشـەوە ئـەو ‹‹ئەسـتۆپاکیەم وەرگـرت›› لـە کوردسـتان شـتێکی تـر هەیـە کـە پێـی دەوتـرێ بەشـی بەڵگەوتـاوان، ئەویـش بـۆ زۆرکار داوا دەکـرێ، بـە تایبـەت گـەر پێویسـتی بـە دەرەوە بوو بێـت، بـۆ ئـەوەی بزانـن ئەوکەسـە تاوانـی ئەنجـام داوە یـان نـە، نازانـم ئەوانـەی کوردسـتان تـا چ ڕادەیـەك بەهێـزە وەك لایەنـە ئیداریەکـەی، بـەڵام بـە گشـتی ئەمانـە لـە زۆربـەی وڵاتانـدا هەیـە، لـە ئێـران پێـی دەوتـرێ پێشـینە، یەکـێ پێشـینەی هەبـوو بێـت ئیتـر زەحمەتـە ئیشـی پـێ بـدرێ، هەتـا زۆرجـار بـۆ ئیشـی سـادەش.
هەمـوو ئەمانـە بـۆ؟ بـۆ ئـەوەی مافـی مرۆڤـەکان لەنێـوان یەکـدا پێشـێل نەکـرێ، مـن کـە دەڕۆمـە وانـە وتنـەوەوە قوتابیـەکان لـە دەسـتم ئەمیـن بـن، کـە دەڕۆمـە خەسـتەخانەوەو ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ کەسـێکدا کـە نەخۆشـی دەروونـی هەیـە ئیسـتغلالی نەکـەم، کـە بـە گشـتی ئاسـانترەو زیاتـر ڕێگـەی تێدەچـێ بـۆ ئـەو کارە بـەد ڕەوشـتیانە، ئەڵبـەت بەداخـەوە زۆریـش هەیـە دەیـکات و دوای ماوەیەکـی زۆر درێـژ ئەوسـا پێـی دەزانـرێ، چەندیـن جـار لـە هەواڵەکانـەوە بەرچاومـان کەوتـووە کـە دکتۆرێـك یـان مامۆسـتایەك فـڵان کاری کـرد کـە کەشـف دەبـێ ئەوسـا بەدواداچوونـی بـۆ دەکـەن و سـەیری کامێـراکان دەکـەن و باسـەکە دەوروژێنـرێ و مودەعـی

تـر پەیـدا دەبـێ.
تـۆ کـە قوتابیـت، یـان مەراجیعێکـی، یـان هـەر ئیشـێکت بـە هـەر فەرمانگەیـەك هەیـە، مافـی خۆتـە مامەڵەیەکـی دروسـتت لەگەڵـدا بکـرێ، ڕوویەکـی خـۆش و جوانـت نیشـان بـدرێ، تـۆ تاوانبارنیـت تـا بـە چـاوی سـوك و تاوانـەوە سـەیرت بکـرێ، بەداخـەوە ئـەم لایەنـە لـە کوردسـتاندا زۆر لاوازە، فەرمانبـەر لـە هیـچ و خۆڕایـی لـە مەراجیـع تـوڕە دەبـێ، مامۆسـتا کەسـایەتی قوتابـی یەکجـار زۆر دەشـکێنێ، هەتـا کێشـەی ڕەوشتیشـی دەبـێ لەبـری فەسـڵ هەبـووە نقڵیـان کـردووە!
دکتـۆر دەبـێ مەحرەمـی مەراجیـع بـێ، کەچـی دەبینـی بەداخـەوە هەیـە چەتـەی مەراجیعـە! بـە ئامێرێکـی پشـکنینی خـۆی عەمەلیاتـی بـۆ دەنووسـێ و چاودێـری بەهێـزی بەسـەرەوە نییـە، دواتـر لای کەسـێکی تـر دەردەکـەوێ کـە پێویسـتی بـەو عەمەلیاتـە نەبـووە، هەبـووە هـەر خـۆی ئیعترافـی کـردووە لای مامۆسـتای ئاینـی کـە پەشـیمان بووەتـەوە لـەوکارە.
زۆر بەداخـەوە هـەم مەراجیعـی فەرمانگـەکان، هەمیـش قوتابـی قوتابخانـە، تـا دەگاتـە زانکـۆکان لـە کوردسـتاندا، هەسـتێکی خـۆ بـە کەمیـان بـۆ دروسـتکراوە بـە گشـتی، بەبـێ تـاوان دەترسـێ لـەوەی تاوانبـاری بکـەن، بەچـاوی سـوکەوە بیکەنـە دەرەوە، کارەکـەی بـۆ ڕانەپەڕێنـن، ئیتـر بـەو شـێوەیە...
لـە ئەوروپـا چونکـە ئـەو لایەنـە زۆر زۆر بەهێزتـرە، بۆیـە کەمتـر ئـەم کارانـە ڕوودەدات، کـە ژیانیـش سـەختترە پێویسـتە پارێزگاریـەکان زیاتـر بێـت تـا تووشـی کێشـە نەبـێ، هـەردەم ئـەو بڕوانامـەی ڕەوشـتە گرنگـی خـۆی هەیـەو پێویسـتە بـە بەردەوامـی پارێـزگاری لـێ بکـرێ، بڕوانامـە زانسـتیەکە یـەك جـارە و بـۆ هەمیشـەیی دەمێنێتـەوە، هـەزار

سەرپێچیش بکرێ دوای بەدەستهێنانی کەس ناتوانێ وەری بگرێتەوە، بەڵام بڕوانامە ڕەوشتیەکە هەردەم پەیوەستە بە سلوکی کەسەکەوە. بە گشتی کارمەندیش جگە لەوەی ڕاهێنانی تایبەتی پێ دەکرێ بۆ باشتر مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانەی کە دەکەوێتە ژێر دەستی، جگە لەوەی لە (پۆڵەسی) جێگەکەشدا هەیە، گەر کەسێك مامەڵەی بەجۆرێك خراپ بوو با نەشگاتە ئەوەی کە ئەو بڕوانامە ڕەوشتیە لە دەست بدات، هەر تووشی سزا و سەرزەنشت و جۆرێك لە سزا دەبێتەوە، بۆ نموونە قوتابیەك یان مەراجیعێك بە هەرشێوەیەك شکات بکات بەدواداچوونی لەسەر دەکرێ.

هەر لەبەر ئەمەیە ئەوانەی لە ئەوروپا دەژین و دەگەڕێنەوە کوردستان و ئیشیان دەکەوێتە فەرمانگەو جێگە فەرمیەکانی حکوومەت توشی شۆك دەبن، مەسەلە ئەوە نییە لە ڕاستیدا ئەو کوردەی لە ئەوروپا دەژی جیاواز بێت و زۆرجار فیز و شتی هەبێ، مەسەلە ئەوەیە ئەو کە ڕۆشتووەتە فەرمانگەیەکەوە لە ئەوروپا سەرە بڕی لێ نەکراوە، فەرمانبەر قبوڵی نەکردووە لە بانی سەریەوە مەعمەلەی کەسێکی تر وەرگرێ لە پشتیەوە، قاڵەقاڵ و ئەوانەی نەدیووە، لەوێ دەبینێ هەرکێ بۆ خۆیەتی پێی قبوڵ ناکرێ.

لە کوردستان کە دەستم کرد بە وانە وتنەوە، قوتابیەکان سەرسامی خۆیان دەردەبڕی! خۆ من هیچم نەکردبوو تا پێشم سەرسام بن، هەر ئاسای وانەی خۆم دەوتەوەو ڕێزم دەگرتن وەك ئەرکی خۆم، کەچی هەبوو دەیگوت واللە مامۆستا لە وانەی تردا وا هەست دەکەم من سەربازم نەك قوتابی!

مامۆستایە دکتۆرە فەرمانبەرە هەرچییە، پلەی زانستیەکەی بەرزترە، بەڵام پلەی مرۆڤایەتیەکەی لەگەڵ مرۆڤێکی تردا یەکسانە، گەر

مامەڵەیەکی نەشیاو بکات ئەو یەکسانیەش نامێنێ و زۆر دادەبەزێ بۆ خوار، چونکە خوێندن و ڕاهێنان بەلانی کەمەوە دەبێت پلەی مرۆڤبونەکەشی پێ بەهێزتر بکات، بەلامەوە سەیرە فەرمانبەرێك یان دکتۆر و مامۆستایەك مامەڵەی نەشیاوی لێ بەدەر بکەوێ، ئەی ئایە لە پەیمانگەو زانکۆ چی خوێندووە!

بە تایبەت فەرمانگەکان دەبێ زۆر بەرپرسیارانەتر مامەڵە بکەن، چونکە زۆرجار نازانن مەراجیعەکانیان ئەسڵەن پلەی زانستیشیان چییە، چونکە دەکرێ مەراجیعەکە پلەی زانستی زۆر لە فەرمانبەرەکە بەرزتریش بێت.

ئیشم کەوتە فەرمانگەیەك لە کوردستان ناردمی بۆ جێگەیەکی تر، منیش ڕۆشتمە ئەو جێگە، وتیان: تۆ هیچ ئیشێکی ئێرەت نییەو لە خۆیانەوە بۆ ئێرەیان ناردوویت! کە ڕۆشتمەوە فەرمانبەرەکە لێم تورە بوو، هەر دەیگوت بڕۆرەوە، منیش وتم کاکە گیان ڕۆشتووم لەوێوە دیسان بۆ ئێرەیان ناردوومەتەوە، ئیتر گوێی پێ نەدەدام و دەیوست لە کۆڵی خۆیم بکاتەوە، ئێ منیش ناچاربووم ئیشەکەم هەر لەوێ بوو، ئەو هەر حسابی بۆ نەکردم، وتم کاکە من مەراجیعم تۆ فەرمانبەریت، ئیشەکەم لێرەیە کە گومانم نییە، بەڵام نابێ تۆ بە نەزانی من بکەیت بە قوربانی، دیار بوو کەس بەو شێوەیە لە ڕووی نەوەستابوو تورە بوو، منیش خۆم تورەکرد بە شێوەیەك فەرمانگە مروشانەوە لێمان و مدیر زانی و هاتە دەرەوە، کە بۆ مدیرەکەم شیکردنەوە، نازانم چۆن بوو ئەو ناسیمی، دەستی خستە سەر ملم و وتی تۆ مامۆستای زانکۆیت بردمیە ژوورەکەی خۆی و بە دەستی خۆی کارەکەی بۆ کردم.

بە مەرجێك لەسەر هەڵەی ئەو کارمەندە حەفتەیەکی پێ چوو بوو

تـا ڕۆشـتبووم بـۆ جێگەیەکـی تـرو گەڕابوومـەوە.
فەرمانبـەر بـە پێچەوانـەوە دەبـێ عەسـابی زۆر سـارد بـێ، هەتـا قوتابـی و مەراجیعیـش ڕەوشـتی نەشـیاو بـوو ئـەو هـەر بـە ڕەوشـت ڕاسـتی بکاتـەوە، نـەك ئـەو تـوڕە بێـت و ئەویـش خراپتـرو بیکاتـە دەرەوەو کارەکـەی بـۆ نـەکات! یـان بـە واسیتەو تەلەفـۆن و بەرتیـل کارەکـەی بـۆ ڕاپەڕێنـێ!
سـادەترین مافـی بەرانبـەر ئەوەیـە بـە ڕوویەکـی خۆشـەوە مامەڵـەی لەگەڵـدا بکەیـت، خەنـدە کـردن بـۆ بەرانبـەر نیشـانەی گەورەیـی خۆتـە، کـە بـەو خەنـدە نیشـانی دەدەیـت کـە ڕقـم لێـت نییـە، خۆشـی تـۆم دەوێ، ئامادەیـی یارمەتیـم، لـە فەرموودەیشـدا هاتـووە کـە خەندەکـردن بـە ڕووی بەرانبـەردا چاکەیـە (تبسـمك فـي وجـه أخيـك صدقـة).

لەگـەڵ هەمـوو ئەمانەشـدا مانـای وا نییـە مامەڵـەکان هەردەم بە دروسـتی دەکـرێ لـە ئەوروپـاش، زۆرتریـن سـتەم لـە چوارچێـوەی دەزگاکانـدا دەکـرێ، هـەر لـە دامەزراندنـەوە تـا مامەڵـەی داخلـی و بەرزنەکردنـەوەی پلـە، بـۆ نموونـە لـە فەرەنسـا زۆرتریـن فۆڕمـی ئیشـکردن ڕەفـز دەکرێتەوە و فـڕە دەدرێ تەنهـا لەبـەر ناوەکـەی، بـۆ نموونـە دەبینـێ ناوێکـی ئیسـلامییە، یـان لـە پێدانـی پۆسـتدا لـە کۆمپانیەکـی ئەهلیـەوە بگـرە تـا پلـە باڵاکانـی حکوومـەت، حیجابێـك پلەیـەك بەدەسـت دەهێنـێ دەبێتـە مانشـێتی هەواڵـەکان! کـە سـەیر چـۆن مافیـان بـە موحاجەبەیـەك داوە، لـە کاتێکـدا ئـەوە نیشـانەی ئەوەیـە مـاف زۆر پێشـێل کـراوە، بۆیـە ئـەوە جێگـەی سەرسـوڕمانە، جیـاوازی ڕەش و سـپی و بێگانـە شـتێکی بەڵگـە نەویسـتە، مانـای وا نییـە ڕەش و بێگانـە پلـەو پۆسـتیان نییە، بەڵام سـتەم و جیـاوازی هیـچ بەڵگـەی نـاوێ و بـە ئەزمـوون بەلانـی کەمـەوە لـە دوو

بەشی بەریتانیا، ئینگلەند و وەیڵز دیومە، هەر لە جێگەی ئاساییەوە تا دەگاتە ناوەندە ئەکادیمیەکان.
لەگەڵ ئەوانەش هەموویدا هەیە هەر ئینگلیزیشەو لەگەڵ ئینگلیزەکانیشدا مامەڵەی خراپە، خراپی مامەڵەو ئەو ڕیکارانە پەیوەست نییە بە بێگانەو ڕەش پێستەوە، بەڵکو گشتیە، بەڵام لەناویاندا ئەوەش جێگەی تێبینیە، گەرنا پێکدادانەکانیش زۆرجار ئینگلیز یان بە گشتی ئەوروپیەکەیە لەگەڵ خۆشیاندا، فەرمانبەرێك، مامۆستایەك، دکتۆرێك لەگەڵ هەر ئینگلیزێکدا یان ئەوروپیەکدا تووشی کێشە دەبێ و ئەو ڕەوشتە لەو نێوەندەدا لە نیو دەچێ....
ئەم پێشەکیە بۆ بەرچاو ڕوونی لە خودی گفتوگۆکە گرنگترە بۆ بەخۆدا چوونەوەمان، کە لە هەر جێگەیەك کارمان کرد پلە زانستیەکە وامان لێ نەکات پلەی ڕەوشتمان دابەزێنێ، بە پێچەوانەوە تا ڕەوشت بەرز بێت پلە زانستیەکەش بەرزتر دەکاتەوە، گەر ڕەچاویش نەکرا پلە زانستیەکەش لەنێو دەبات.
لە جێگەیەك کارم دەکرد هاوڕێیەکم لە تەنیشتمەوە کە کارەکەمان پێکەوە بوو، زۆر مۆن و ڕوو گرژ بوو، بە دەموچاویدا بەبێ قسەکردن نەعلەتی لێ دەکردم، حەزی بە چارەم نەدەکرد، گفتوگۆ بەم شێوەیە دەستی پێکرد...

گفتوگۆی نێوان ڕۆبن و هاری.
ڕۆبن: تۆ بۆچی هەردەم تووڕەیت؟
هاری: ئەوە کەی مشکیلەی تۆیە!
ڕۆبن: چۆن مشکیلەی من نییە، کەی ڕەوایە هەموو ڕۆژ ئەم دەموچاوە ناشرینەم نیشان بدەیت.
هاری: من ناشرینم! ئاوا ڕێزم لێ دەگری!
ڕۆبن: تۆ خۆت جوانیت، توڕەبونەکە ناشرینت دەکات، توڕەبوونیش ڕێزی مرۆڤ کەم دەکاتەوە.
هاری: دەتەوێ چ بڵێی؟! تێکەڵت کردووە!
ڕۆبن: دەی تۆ دەتوانی جودای بکەیتەوە، ناتەوێ هاوکاری ئەم هاوڕێیەی خۆت بیت؟
هاری: ڕۆبن بە ڕوونی قسە بکە.
ڕۆبن: هاری خەریکە منیش تووڕە دەکەیت هههە، داواکاریەکەم قورس نییە، تەنها با ڕووت خۆش بێت.
هاری: تۆ کە لە تەنیشتمەوە ئیش دەکەیت، ناتوانم ڕووم خۆش بێت!
ڕۆبن: دەی تۆش هەر لە تەنیشتی منەوەیت هاری، خۆ ناکرێ بکەومە پشتتەوە، پشتت دیوارە و بیناکەش ٥ نهۆمە، دەکەومە خوارەوە.
هاری: ڕادەبورێری؟
ڕۆبن: نا دەمەوێ پێ بکەنیت...
هاری: هیچ پێکەناوی نییە قسەکانت!
ڕۆبن: نازانم چ بکەم تا تۆ پێ بکەنیت؟
هاری: لەبەرچاوم ونبە، ئیتر من پێدەکەنم.
ڕۆبن: من دەمەوێ خەندەکەت ببینم، کە ون بم چۆن دەیبینم؟

هاری: منیش دەمەوێ تۆ نەبینم!
ڕۆبن: باشە ئەوە من ڕۆشتم...
هاری: هەر بە ڕاست دەڕۆی؟ شکاتم لێ دەکەیت یان چی؟
ڕۆبن: لە شکات دەترسی؟
هاری: جا هەرچی بڵێی خۆ شاهیدت نییە هههە.
ڕۆبن: مادام پێکەنیت تەواو هههە، نە شکات دەکەم و، نە شاهیدیشم دەوێ هههە، ئەوە دانیشتمەوە.
هاری: تۆ سەیریت، یانی تەواو هههە.
ڕۆبن: تەواو هەر ئەوەندە بوو، هەندێ شت لە بنەڕەتدا ئاسانە هاری، خۆمان لە خۆمانی قورس دەکەین، خەندەیەك و نیشاندانی ناخێکی پاك بۆ هاوکارەکەت و، هاوکاری خەڵکی، وا نازانم کارێکی گران بێت، بۆ دەبێ مرۆڤ ئەوەندە ڕژد بێت و ڕەزیلی تێدا بکات.
هاری: دەتەوێ ڕاستگۆبم لەگەڵتدا؟
ڕۆبن: ئێمە لە وڵاتی خۆمان دەڵێین ئەوروپییەکان هەم ناخیان پاکە، هەم ڕووشیان خۆشە، بەڵام هاری ببورە تۆ هەردوکی بە پێچەوانە نیشانتدا، ڕووخۆشیەکە ئەوە کە نەبوو، کە هەستام و واتزانی کە شکات دەکەم وتت خۆ شاهید نییە، واتە ئەگەر شکاتم بکردایە دەتگوت من شتی وام نەوتووە، کەواتە پێچەوانەی پێشوو قسەت دەکرد.
هاری: بوەست، بۆچی دەڵێی: پێچەوانەی پێشوو! نەتگوت درۆ! خۆ ئەوە درۆیە.
ڕۆبن: کە وشەیەکی باشتر هەبێ بۆ بەکارهێنان، بۆچی ئەو وشە زبرە بەکار بهێنم، درۆ بە شیاوی نازانم بۆ هاوڕێیەکم بەکاری بهێنم کە پێکەوە ڕۆژانە چەند کاتژمێرێك لە تەنیشتی یەکەوەین.

هاری: تۆ بەڕاست وا دەڵێی یان موجامەلەم دەکەیت؟
ڕۆبن: هاری خۆت دەزانی زۆرینەی هەرە زۆری ئینگلیزیەکان نەك موجامەلە بەڵکو جۆرێك لە نمایشە کە خەندە دەکەن و جوان خۆیان نیشان دەدەن، هەرچەند ئەوەش هەر چاکە، بەڵام چاکیەکەی بۆ بەرانبەرە، بۆ ئەوەی بۆخۆشت چاك بێت هەر بە ڕاستی بێت باشترە، بە کورتی من موجامەلە ناکەم.
هاری: یانی چی موجامەلەو نمایش چاکە، بەڵام بۆ بەرانبەرە و، بۆ خۆی نییە؟ وەڵامی ئەمەم بدەرەوە پرسیارێکی تریشم.
ڕۆبن: ئەڵبەت چاکەشی تێدایە بۆ خودی نمایشکارەکە، بۆ نمونە تۆ هەروەك موجامەلەو نمایشیش خەندەم بۆ بکەیت و ڕووت خۆش بێت لەگەڵمدا ڕۆژانە، من دڵم پێی خۆش دەبێت و ئاسودەتر کارەکانم دەکەم، چاکیەکی نسبیشی تێدایە بۆ ئێوە کە شکات ناکەم و کێشەمان نابێ، بەڵام بۆ ئەوەی تۆش ئاسودەبیت نمایش نەبێ هەر ڕاستی بێت و، لە دڵتەوە شتەکان هەڵقوڵی، ئەوە هەردوکمان ئاسودە دەبین.
هاری: وەڵامی پرسیارەکەی تریشم وەرگرت، بەڵام بە بڕوای تۆ ئەوە کارێکی ئاسانە! من چۆن بتوانم لە دڵەوە تۆم بوێ، تۆیەك کە بێگانەی لەم وڵاتەدا، مسوڵمانی، ئەم وڵاتە بەڕاستی لەلایەن ئێوەوە داگیرکراوە!
ڕۆبن: هاری بەشێوەیەك دەتوانی خۆت ئاسودە بکەیت، ئەویش ئەوەیە باوەڕەکەت بگۆڕی.
هاری: یانی ببم بە مسوڵمان، تۆ زۆر بێ مێشکی هەرگیز شتی وا نابێ، دەتوانم لەسەر ئەوە شکاتت لێ بکەم.
ڕۆبن: باوەڕگۆڕین لە ڕووی عەقیدەوە نە، مەبەستم ئەوە نەبووە عەقیدەی ئاینیت بگۆڕیت ئەگەر ئاینیشت هەبێ! مەبەستم ئەو

بۆچوونەت بگۆڕی کە باوەڕت وابێت ئەم وڵاتە داگیرکرابێت لەلایەن ئێمەوە، ئەی بۆ ناڵێی ئاوەدانتان کردووەتەوە! سەیر بکە بێگانە بە گشتی و مسوڵمان بە تایبەتی چەند ئاوەدانیەکیان خستووەتە بەریتانیاوە، هەر لە دەستیان لە خزمەتگوزاریەکاندا تا دەگاتە بازاڕ و گشت دەزگاکان کەسانی لێهاتووی تێدایەو خزمەت دەکەن.

بێ مێشك نیم من هاری، وەك هاوڕێیەکی باش ئەم قسەم لێ وەرگرە ئەو وشانە بەرانبەر کەس بەکار مەهێنە، من ئەوەتا عەسابم زۆر ساردە و، بە عەساب ساردی بۆت دەسەلمێنم کە بێ مێشك نیم، بەڵام هەیە لە ڕاستیدا تورەیە، وای پێ بڵێی ڕێك دەکێشێ بە دەمتا! ئیتر عاقیبەتەکەی هەرچێ بێت خۆ تۆ دەم و فلْقت جارێ شکاوە هههە، دواتریش خۆ دەمی هەیە دەڵێ سوکایەتی پێکردووم، ڕەگەزپەرست بووە، هەمووشی ڕاستە، لەوەیە لە ئەنجامدا هێشتا هەر تۆش زەرەر بکەیت، هەر گریشمان وتم ببە بە مسوڵمان ئەوە کەی هی ئەوەیە بتوانی شکاتم لەسەر بکەیت، بۆ نموونە من دەڵێم: ببە بە مسولمان، عەقیدەت بگۆڕە، تۆش دەتوانی بڵێی نابم بە مسوڵمان، نا عەقیدەم ناگۆڕم، ببورە، وە تەواو، ئەوە کەی هی شکاتە، دەیان جار داویانە لە دەرگایماڵەوەم و هاتوون بمکەن بە مەسیحی، بانگیشم کردوونەتە ماڵەوەو کۆفیشم داوە پێیان و گفتوگۆشم لەگەڵیان کردووە، لە کۆتایدا نەبووم بە مەسیحی و ئەوانیش ڕۆشتوون، ئیتر نازانم ئەوان دواتر بوون بە مسوڵمان یان نە هههە.

هاری: بەم قسانە هەر بەڕاستی دەتەوێ بمگۆڕی.

ڕۆبن: جا ئەگەر من بێ مێشکیش بم، خۆ تۆ مێشکت هەیە هاری، دەتوانی بیری لێ بکەیتەوە، لە زەینی ئێمەدا گەر بڕیاری پێش وەختە نەبێ، واتە بەربەست بە ڕق و قین و سیفەتە پیسە دەرونیەکان پێشی

پـێ نەگیـرێ، جوانتـر دەبینـێ.
هاری: خەریکت وانەم بۆ شی دەکەیتەوە!
ڕۆبـن: هــا دەبینـی هــاری ئــەوە بەربەسـتی دەرونیــە، وات لــێ دەکات دەیخاتــە قاڵبێکـی نەخــوازراوەوە، وات لـێ دەکات بچوکـت دەکاتــەوە و، منـت لا گـەورە دەکات، دواتـر وات لـێ دەکات هەوڵـی پێچەوانەکـەی بدەیــت، واتــە خــۆت گــەورە بکەیــت و، مــن بچــوك بکەیتــەوە، لــە بنەڕەتیشـدا باسـەکە باسـی گەورەیـی و بچوکـی نییـە، مامۆسـتایی و قوتابیەتـی نییـە، دەکـرێ قسـەکانی مـن بـۆ تـۆ وانـە بێـت، ئەوانـەی تـۆش بـۆ مـن وانـە بێـت، مـن خـۆ کـە نازانـم لـە کۆتایـدا چـی دەبـێ، بـەڵام قسـەکانی تـۆ هەمـووی بـۆ مـن وانەیـە.
هاری: زەینم لای کارەکەم نامێنێ کە بەم شێوەیە تۆ قسە دەکەیت!
ڕۆبـن: گـەر دڵـت بەرانبـەرم پـاك بکەیتـەوە، دەتوانـی کارەکەشـت بکەیـت و ئاگاشــت لێــم بــێ، ئەمــڕۆ ئیشــێکی واشــمان نییــە، مــن دەڕۆم لــە ماشـینەکە کۆفیــەك دەهێنــم، تــۆ چ دەخۆیتــەوە بۆتــی بهێنــم.
هاری: نا ناخۆم وردەم پێ نییە.
ڕۆبـن: مـن وتـم چ دەخـۆن، خـۆ داوای وردەم نەکـرد، پـڕی گیرفانمـە لـە وردە، هـەر حـەز دەکـەم لـە کۆڵـم بێتـەوە هەـە.
هاری: ئم، ئە، با کۆفیەکی ئەمریکی بێت.
ڕۆبـن: (دوای گەڕانـەوە و دانانـی کۆفیەکـە لـە بەردەمیدا) کۆفـی ئەمریکی زۆر بەهێـزە و تاڵیشـە، پێـم وایـە مـادەی کافاینـی زیاتـر تێدایـە، هەنـدێ جـار هـاری هەتـا خـواردن و خواردنـەوە کاریگـەری لەسـەر بیرکردنـەوە و سـلوکی کەسـەکە دەبـێ، بۆیـە خـواردن و خواردنـەوە گرنگـە گرنگـی پـێ بـدرێ.
هـاری: ئەگـەر وابـێ دەبـێ تـۆ گرنگـی پـێ بدەیـت، ئەوەتـا تـۆ قەڵەویـت و

من زەعیفم. سوپاس بۆ کۆفیەکەش.
ڕۆبن: ڕاست دەکەیت جەستەی تۆ ڕێك و جوانترە، من قەڵەوترم، حەتمەن هەڵە لە سستمی خواردن و خواردنەوەکەمدا هەیە، تۆ هاوکارم بە، وە زۆرجار هەر قەڵەویش مەرج نییە بۆ پێوەرەکان، هەیە قەڵەوە و هیچ کێشەیەکیشی نییە، هەیە زەعیفەو چەندین دەردی داخلی هەیە، من جاران وام دەزانی کۆریسترۆڵ توشی قەڵەو دەبێ، کەچی وانییە هەیە زەعیفەو شەکرەو زەخت و کۆریسترۆڵ و چەندین نەخۆشیشی هەیە، جگە لەوانەش هەیە زەعیفەو هیچ حەوسەڵەی نییە، هەیە قەڵەوەو زۆر هێمنە.
هاری: بەڵام قەڵەویەکە بە گشتی نەخۆشییە.
ڕۆبن: دیفاع لە قەڵەوی ناکەم، بێگومان ڕاست دەکەیت، دەی پێم بڵێ من چۆن خۆم وەك تۆ لێ بکەم؟
هاری: تۆ هەرگیز وەکو منت لێ نایە، چونکە بونیەی تۆ جیاوازە، بەڵام پێش هەموو شتێك واز لە هەموو خواردنەوەیەکی کحلول بهێنە، ئەوە یارمەتی دەرێکی چاکە، ئەگەر خواردیشتەوە تەنها لە موناسەباتدا بیخۆرەوە.
ڕۆبن: ئێستە تۆ خۆت باوەڕت وایە کە من هەرگیز وەك تۆم لێ نایە، ئەمەم کە پێ خۆشەو دەکرێ هەر لە بنەڕەتیشدا لە بونیەوە جیاوازیمان هەبێ، کەواتە قبوڵ کردنی ئەو جیاوازیانە هاوکاریمان دەکات بۆ ئەوەی هیچ نەبێ عەسابمان سارد بێتەوە، سەبارەت بە کحولیش لە ژیانمدا بۆ تاقیکردنەوەش زمانم لێ نەداوە، هەرگیز بۆ جارێکیش نەمخواردووەتەوە، نە لە منداڵیمەوە نە گەورەیش.
هاری: شتی وا دەبێ؟! چۆن؟
ڕۆبن: بەڵێ دەبێ، بەڵام بۆ ئەو دەبێتە، دەبێت باوەڕت بگۆڕی،

عەقیـدە ئاینیەکـە مەبەسـتم ئـەم جـارە، نـەك بـاوەڕە نادینیـەکان.
هـاری: دیسـان باسـی دیـن هاتـەوە کایـە، مـن ئێسـتە خەریـم هـاوکاری تـۆ دەکەم!
ڕۆبـن: دەی سوپاسـتان دەکـەم، بـەڵام مـن وەڵامـم دانـەوە، وتـان چـۆن شـتی وا دەبـێ؟ منیـش وتـم بـەو شـێوەیە، چونکـە لـە بنەڕەتـدا مـن بـاوەڕم بـەو شـتانە نییـە، واتـە هـەر توخنـی ناکـەوم، نـە دەیکـرم، نـە بـە بەلاشیش وەری دەگـرم، هەتـا پارەشـم پـێ بـدەن بڵێـن: بیخـۆرەوە، هـەر نایخۆمـەوە.
هـاری: ئەمـەم بـەلاوە سـەیرە، ئـێ بەلاش بـێ هەرچیمـان بدەنـێ دەیخۆین و دەیخۆینـەوە هههە.
ڕۆبـن: لای ئێمـەش وەك نوکتـە دەڵێـن: فـڵان کـەس موسـی بەلاشیشـی بـدەرێ دەیخـوات هههـە.
بـەڵام بـۆ مسـوڵمان عەقیـدە بەربەسـتە لـە زۆر وەرگرتنێـك، بـۆ نموونـە وەرگرتنـی شـتی حـەرام، تـا دەگاتـە بەرتیـل بـا پـارەش بـێ، ئیتـر شـەرعی ئێـم وا دەڵـێ.
هـاری: ببـورە ڕۆبـن، تـۆ لـە کەسێکی دینـی ناچـی، بـەڵام وەك ئـەوان قسـە دەکەیـت، دینیـەکان جـل و شکڵیشـیان جیـاوازە، کەچـی تـۆ هەروەکـو منیـت، پێـش ئـەوەی بکەوینـە ئـەم قسـە جدیانەشـەوە، درۆشـت لەگـەڵ کـردم، ناوێکـی تـرت وت لەبیـرم نییـە، بـەڵام وتـت پێـم بڵـێ ڕۆبـن! وەڵامـت چییـە بـۆ ئەمانـە؟!
ڕۆبـن: کەسـی دینـی ئـەوە نییـە بـە جـل و بـەرگ خـۆی جیـا بکاتـەوە، جـل و بـەرگ دەکـرێ هەمووکـەس لەبـەری بکات، دینـی ئەوەیـە کـە چـۆن پەیـڕەوی بکەیـت، ڕاسـتە ئێسـتە جـل و بـەرگ بەجۆرێـك تایبـەت کـراوە بـۆ کەسـە دینیـەکان، کـە زیاتـر لەنـاو مەسـیحیەتدا ئەمـە هەیـە، لەنـاو

ئیسلامیشـدا بەجۆرێـك وەك كەلتـوری لێهاتـووە، بـەڵام دەكـرێ ئـەوە وەك فۆڕمێكـی كەلتـوری زیاتـر سـەیری بكـرێ نـەك دینـی، پێغەمبـەری ئێمـە محمـد درودی خـوای لەسـەر بـێ، جـل و بەرگێكـی تایبەتـی لەبـەر نەكـردووە، كـە خـۆی لـە خەڵكەكـە جیـا بكاتـەوە، هـەر ئاسـای وەك خەڵكـی تـر جـل و بەرگـی پۆشـیوە، دیـن سـنوری پۆشـتەیی و پـاك و پوختەیـی بـۆ دیـاری كردوویـن، نـەك شـێوازی جـل و بەرگەكـەی، كـە بـەم شـێوەیە هەیـە، ئـەم جلـەی تـۆ و ئێسـتە هیـچ عەیبـی نییـەو شـەرعیە، دینیـش موڵكـی كـەس نییـە تـا بـەو شـێوازە بەخـۆی تایبەتـی بـكات، دیـن زیاتـر هـی ئـەو كەسـەیە كـە پەیـڕەوی دەكات، بـۆ ناوەكـەش درۆم نەكـردووە، هـاری بـۆ ئەتەكێتـی خۆتـان وشـەی درۆ جـوان نییـە بـەكاری بهێنـن، مـن لەسـەرەتاوە نـاوی خـۆم وت، ئەزمونـم لەگـەڵ ئـەوەدا هەیـە، ناوەكـەم لەسـەر زمانتـان قورسـە، بـۆ ئاسـانكاری ئێـوە زیاتـر ڕۆبـن بـەكار دەهێنـم، لـە جێگـەی ڕەسمیشـدا هـەر بەنـاوە ئەسڵەكەوە مامەڵـە دەكـرێ، ئەمـەش زیاتـر برادەرایەتـی نـەك ڕەسـمی، جگـە لەوانـەش دوو ناویـی كێشـەی نییـە، هەتـا گۆڕینیشـی هـەر ئاسـاییە، ئـارەزووم هەبـێ هـەر ئەمـڕۆ بـە یاسـایش دەیگـۆڕم، گرنـگ ئەوەیـە هـەر ناوێكـم هەبـێ هـەر ئـەم كەسـەم كـە دەمبینـی، ئەگـەر هـەر بـە درۆشـی تێدەگـەت، باشـە مـن نـاوم عومـەر ە لـە ئێسـتەوە پێـم بڵـێ عومـەر، ڕۆبـن لەبیـری خـۆت بكـە.

هـاری: ڕوونكردنەوەیەكـی سـەرنج ڕاكێشـە، باشـە پێتـان دەڵێـم ئۆمـا بەنـاوی خۆتانـەوە.

ڕۆبـن: دەبینـی هـاری؟ مـن نـاوم ئۆمـا نییـە، ئومـا و عومـەر زۆر زۆر جیـاوازە، چونكـە پیتـی (ع) لـە ئینگلیزیـدا نییـە، یـان پیتـی (ئـەی) یـان پیتـی (ئـۆ)ی بـۆ بـەكار دێـت، بەپێـی ناوەكـە، بـۆ نمونـە بـۆ عبدالله پیتـی (ئـەی) بـەكار دێـت، بـەڵام بـۆ عمـر پیتـی (ئـۆ) كۆتاییەكەشـی چونكـە

پیتـی (ئـاڕ)ە پیتـی (ئاڕ)یـش کـە کەوتـە کۆتایـی وشـەوە عادەتـەن دانـی پێـدا نانـرێ لـە ئینگلیـزدا بۆیـە حـەزف دەکـرێ، تـۆ ئێسـتە مـن دەکەیـت بـە ئۆمـا، دەی لـەو دەرە هەزارجـار یەکـێ بڵـێ: ئۆمـا، ئۆمـا، مـن هـەر جـواب نادەمـەوە، چونکـە هـەر شـێوازی دەربڕینەکـەی دەنگەکـەی جیـاوازە لەگـەڵ ناوەکـەی منـدا.

هاری: دەی باشە پرسیاری، بۆ هەر نایگۆڕن و تەواو!

ڕۆبـن: ئـەوەش دروسـتەو جێگـەی پرسـیارە، لەبـەر ٢ هـۆکار نایگـۆڕم، یەکـەم نـاوی عومـەر بەشـێکە لـە کەسـایەتی مـن و باوکـم بـۆی هەڵبـژاردووم و، چەنـد پیاوێکـی چـاك ناوەکەیـان پەسـەند کـردووە. دووهەمیـش هەرچـی شـەهادەکانم هەیـە هـەر بـەو ناوەوەیـەو، هەموشیم تەسدیق کردووە، لە جێگە ڕەسمیەکان گەر ناەوکەم بگۆڕم دەبێـت پاسەپۆرتەکەشـم بگـۆڕم، ئەوسـا زۆر شـەهادەکانیش دەبێـت داوا بکـەم لـە زانکـۆکان نوسـخەی تـرم پـێ بـدەن بەنـاوە تازەکـەوە، ئەوسـا هەمـووی دیسـان دەبـێ پـارە بدەمـەوەو ئەزیەتـی زۆر بـۆ تەسـدیق کردنەوەیـان جارێکـی تـر، نازانـم تـۆ شـەهادەت لـە دەرەوەی بەریتانیـا بـەکار هێنـاوە یـان نـە، ئێسـتە تـۆ بڕۆیـت بـۆ دەرەوەی بەریتانیـا دەبێـت بـۆ هـەر بڕوانامەیـەك بڕێکـی زۆر پـارە بـدەت، هـەر بـۆ نمونـە تەنهـا یـەك بڕوانامـە عادەتـەن ٢ بەشـە، بڕوانامـەی زانکۆیـی، واتـە ٢ لاپەڕەیـە، دانەیـەك ئـەوەی دەرەجەکانـی تێدایـە، دانەیەکـی تـر ئـەوەی کـە بـۆ هەڵواسـینە عادەتـەن، ئـەم دوو لاپـەڕە پارێـزەر ١٠ تـا ٢٠ پاوەنـدی دەوێ، حکومەتیـش بـۆ ئـەو دوو لاپـەڕە ٦٠ پاوەنـدی دەوێ، پـارەی پۆسـتیش نزیکـی ١٠ پاوەندێکـی تـێ دەچـێ، هەمـووی بەلانـی کەمـەوە بـە دۆلار ١٠٠ دۆلاری تێدەچـێ! ئـەوە تەنهـا بـۆ یـەك بڕوانامـە، گـەر نەشـیکەیت دەکـرێ بـە بەڵگـەی ئـەوەی کەناوەکـەت گۆڕیـوە هەنـدێ جێگـە قبوڵـی بـکات،

بـەڵام جێگـەی پرسـیار و سـەر ئێشـەیە، هەمـوو جـار شـێکاری بدەیـت، باشـترە نـاوی ڕەسـمی و گشـت بەڵگەنامـەکان هەمـووی هاوتەریـب بێـت.
هـاری: چەنـد حسـاباتەکەتان ورد کـردووە، مـن بیـرم لەمانـە هەرگیـز نەکردبوویـەوە.
ڕۆبـن: بـۆ تـۆ جێگـەی بیرکردنـەوە نییـە، چونکـە پێویسـتت پێـی نەبـووە، دیـارە هـەر لـەم وڵاتەشـدا دەژیـن و ئاسـانە گـەر هـەر لـەم وڵاتەشـدا بێـت، بـۆ نمونـە مـن گـەر ناوەکـە بگـۆڕم و شـەهادەکانیش نەگـۆڕم، بـەڵام گـەر هـەر لـە بەریتانیـادا بـم ئاسـاییە، چونکـە بەڵگـەی گۆڕینەکـە هـی بەریتانیایـە تێدەگـەن لـەوە، بـەڵام وڵاتەکانـی تـر لەوەیـە ئـەو بەڵگـە هـەر قبـوڵ نەکـەن، چونکـە لێـرە بـۆ بەڵگەی نـاو گۆڕین و شـەهادەش بە گشـتی هیچـی وێنـەی لەسـەر نییـە، چـۆن دەیسـەلمێنی ئـەم شـەهادە هـی تۆیـە! بـۆ نمونـە مـن شـەهادەکانم نوسـراوە عومـەر، لـە پاسـەپۆرت خـۆم بکـەم بـە ڕۆبـن، پاسـەپۆرتەکە بەڵگەیـەو وێنەشـی پێوەیـە، بـەڵام شـەهادەکە وێنەشـی پێـوە نییـە، جگـە لـەوەی وێنـە گۆڕانکاریشـی بەسـەردا دێـت، ئەوسـا چـۆن بیسـەلمێنم کـە ئـەم شـەهادانە کـە بەنـاوی عومـەر ەوەیـە مـن عومـەرم، لـە کاتێکـدا بـە پاسـەپۆرت ڕۆبـن بـم هههـە.
هـاری: مـن کـە خۆشـحاڵم ئێسـتە کـە هاوڕێیەکـی وەك تـۆم هەیـە کـە ئەوەنـدە بـە وردی هەمـوو شـت حسـاب دەکات، وا نازانـم هیـچ زەرەرێکـی منـت بـویێ.
ڕۆبـن: نـەك زەرەر بێگومـان قازانجـی تۆشـم دەویێ، مـن دەزانـم زۆرجـار کێبەرکـێ لەنێـوان کەسـەکاندا دەبێـت لـە چوارچێـوەی کاردا، هەیـە ترسـی هەیـە جێگەکـەی بەهـۆی کەسـێکی تـرەوە لـە دەسـت بـدات، هەیـە دەترسـێ لای بەرپرسـەکە خۆشەویسـتی کـەم بێتـەوە، بـەڵام گـەر هاوڕێیـەك لـە چوارچێـوەی کاردا جێگـە بـە کەسـێکی تـر لێـژ بـکات ئـەوە

هـاوڕێ نییـە، وە تـۆش بـۆ ئـەوەی متمانـەت بەخـۆت هەبـێ، دەبـێ کار لەسـەر تواناکانـت بکەیـت، تـا تواناکانـت هـەردەم سـەرەوە بـۆ خـۆت کەمەندکێـش بـکات، ئەوسـا ترسـت لـە کەسـیش نابـێ، بەداخـەوە لـە چوارچێـوەی کاردا هـەردەم و لـە زۆربـەی جێگـەکان ئـەم کێبەرکـێ نـا مرۆڤانـە هەیـە، هەرکەسـەو بەجۆرێـك خـۆی لەسـەرەوە نزیـك دەکاتـەوەو دەدات لـە هاوڕێکانـی خـۆی لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی خۆیـدا، وە حـەز دەکـەم لێـرەدا ئەوەشـت پـێ بڵێـم مـن لێـرەم تەنها بـۆ ١ حەفتـە، لـە چوارچێـوەی گرێبەسـتێکدا ئـەم پۆسـتەم پـێ دراوە کـە ئەزموونـم تێیـدا هەیـە تـا کەسـێکی تـر کـە لێـرە تەعینـی دەکـەن ڕاهێنانـی پـێ بکـەم، ئـەو چەنـد کاتژمێـرەی کـە لێـرەم بـە پرۆژەکـەدا دەڕۆمـەوە.

هـاری: هەواڵێکـی ناخۆشـە، کەواتـە بمبـورە کاتیشـت زۆر دەگـرم، هیـچ ڕوونکردنەوەیـان پـێ نـەدام لـە شـێوازی کارکردنـی ئێـوە.

ڕۆبـن: لەوەیـە ئـەوەش ئـەو ترسـەی لا دروسـت کردبـن، خۆزگە بیـان وتایە پێتـان هههـە، ئیشـەکەم زۆر نییـە، چونکـە پرۆژەکـە پێشـتر نووسـیومەو دەقەکانیـش هەمـووی بـە وردی دیراسـەم کـردووە، تەنهـا چـاوی پێـدا دەخشـێنم لێـرەو دواتـر ٢ کاتژمێـر ڕاهێنـان بـەو کەسـە دەکـەم.

هـاری: بـەڵام نازانـم بـۆ هـەر ڕقـم لـە مسـوڵمان و کەسـانی بێگانەیـە، چونکـە لـەم وڵاتـەدا پـارەی تەکسـی ئێمـە دەخـۆن!

ڕۆبـن: پێـم خۆشـە هاوکاریـت بکـەم بـۆ ئـەوەی ئاسـودەبن، ڕق زیانـی بـۆ خۆتـان هەیـە پێـش بەرانبـەر، ڕق ژەهـرە کـە تێکـەڵ بـە دونیـای دڵ بـوو تاڵـی دەکات، ژیانـت دەشـێوێنێ، تـۆ ئێسـتە هەرچەنـد ڕقـت لـە مـن بێـت مـن دەربەسـت نایـەم، بـەڵام ئاسـودەی لـە خـۆت هەڵدەگـرێ، دەبـێ خـۆت خـۆش بـوێ بـەوەی ڕق لـە خـۆت پـاك بکەیتـەوە، بـەو پـاك بوونـەوە هەسـت بـە ئاسـودەیی دەکەیـت، دوای ئـەوەی تـۆ خوێنـدەواری،

نابێ قسەی کەسانی بازاڕی بکەیت، بە گشتی خەڵکی سەرجادە دەڵێن بێگانەکان لێرە پارەی تەکسی ئێمە دەخۆن، بەڵام وا نییە، چونکە بێگانە لێرە بێت و لێرە نەبێ تۆ هەر دەبێ تەکس بدەیت، وە بێگانەش هەر تەکس دەدات، ئێستە ئەگەر من پارەی تەکسی تۆ دەخۆم، ئەی کێ پارەی تەکسی من دەخوات هههە.
ئەم تەکسانەش بۆ سودی کۆمەڵگەیە، من و تۆ ئێستە تەکس دەدەین، لەوەیە ڕۆژێك بیخۆین، ئیتر ئاوایە هەمووی تێیدا یەکسانە، هەرچەند من ڕەخنەم زۆر لە سیستمی تەکس هەیە.
هاری: ڕاستیشە تەکسەکە زۆرە جێگەی ڕەخنەیە، هەردەم هەوڵی ئەوە دەدەین کەمتر بکرێتەوە، بەڵام خۆتان دەزانن زۆر زۆرە.
ڕۆبن: سیستمی تەکسی ئیسلامی لە سەدا دوو نیوە، ئێمە پێی دەڵێین زەکات، بەڵام لێرە ئەوەتا لە سەدا ٢٠مان لێ وەردەگرن و بەناوی تریشە زیاتریش و گەر ئیشەکەش زیاتر بێت زۆر زیاتریش دەبێ، هەندێ لە وڵاتە ئەوروپیەکان زۆر زیاتریشە لێرە.
هاری: یانی وڵاتە ئیسلامیەکان لە سەدا دوو نیو وەردەگرن ئێستە؟ ئەوە خۆ زۆر زۆر باشە هههە.
ڕۆبن: ئەو سیستمە ئێستە بە گشتی لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا پەیڕەو ناکرێ، چونکە سیستمی حوکمەکەیان بە ئیسلام نییە، وە خەڵکیش متمانەیان پێ ناکات خۆبەخشی پێیان بدات، ئەوانیش ناتوانن بە زۆر وەری بگرن.
هاری: کەواتە چۆن ڕێکخراوە، هەر وەك ئێرەیە.
ڕۆبن: هەر وڵاتێك و بەجۆرێکە، بە گشتی هەر تەکس وەرگرتن نییە بۆ ئاستی تاك، هەرکەس ئیش بکات هەرچی دەستکەوێ هەر بۆ خۆیەتی، مەگەر وەك ڕسوماتێکی هەندێك کار و پیشەی جیاواز،

بەڵام لەسەر داهات و بۆ ئاستی تاك بەم شێوەی ئێرە هیچی نییە، نابینی زۆر ئینگلیز ئەوانەی کە خاوەنی شەهادە و پیشەی جیاوازن بە تایبەتی دەڕۆن بۆ خەلیج و وڵاتە ئیسلامیەکان بۆ ئیشکردن، ئەوەی کە زۆر دڵیان پێ خۆشە نەدانی تەکسە. گەرنا ئینگلیزێك کە دەچێت بۆ سعودیە، یان ئیمارات هەر لەبەر ئەوەیە نەك خۆشی وڵاتەکە، چونکە ئەوێ بەڕاستی زۆر گەرم و ناخۆشە لە ڕووی کەش و هەواوە.

هاری: دەتوانی هاوکاریم بکەیت لەو جێگانە ئیشێکی باشترم دەست بکەوێ، چۆن بکەم تا ئەو ئەزموونە تاقی بکەمەوە، ڕاستی لێرە بێزارم، ئیشێکی زۆر دەکەم و بە تەنهاش دەژیم، هەر فریای کرێ و بیڵەکان دەکەوم.

ڕۆبن: بەڵێ، زۆر ئەیجنسی هەیە ئەوکارە ڕێك دەخەن، بەپێی تایبەتمەندیەکەی تۆ، تا سکیڵت زیاتر بێت چانست زیاترە.

هاری: من تایبەتمەندیم ئیدارەیە، ماستەرم لە ئیدارەدا هەیە.

ڕۆبن: ئیدارە تایبەتمەندیەکی چاکە، دەکرێ لە چەندین جێگەدا ئیش بکەیت، چونکە هەرچی دامەزراوە هەیە پێویستی بە کارمەندی ئیداری هەیە، بەڵام بۆ وڵاتی عەرەبی لەوەیە ئەم بوارە چەنست کەمتر بێت، یان مەگەر تەنها لەو جێگانەدا کار بکەیت کە هەمووی ئینگلیزە، بەڵام گەر تایبەتمەندیت مامۆستایی ئینگلیزی بوایە چەنست زۆرتر دەبوو، یان لەگەڵ ئیدارەکەدا گەر زمانی عەرەبیت بزانایە چەنست زیاتر دەبوو.

هاری: تازە بۆ من گرانە بڕۆم تایبەتمەندی لە ئینگلیزدا وەرگرم، عەرەبیش بۆ من قورسە.

ڕۆبن: بەداخەوە خوێندن ئێستە لە ڕووی مادیشەوە زۆر گرانیان کردووە، ئەوەش کێشەیەکی تری ئەم وڵاتەیە لە پاڵ تەکسەکەدا،

عەرەبیش بێگومان بۆ کەسی ئینگلیز زوبان گرانترە، ئەوەتا تۆ ناتوانی ناوی من وەك خۆی تەلەفوز بکەیت، ئێ زمانی عەرەبیش هەر یەکەم پیتەکەی بە (ع) دەست پێ دەکات تۆ بۆت نایە، بەڵام دەتوانی فێربیت و خەڵکی لێت تێبگات، مەرج نییە بتەوێ وەك عەرەب قسە بکەیت، نابینی هندیەکان لێرە کە بە ئینگلیزی قسە دەکەن چۆن؟ وشە ئینگلیزیەو لەسەر وەزنی (پەنجابی) یان (ئوردو) (پشتوو) بەڵام هەموو کەس هەر لێیان تێدەگات، تۆش تەقریبەن بەو شێوەیە دەردەچێ، وشەی عەرەبی و لەسەر وەزنی ئینگلیزی هههە، بەڵام تێبینیم کردووە ڕوسیەکان باشتر فێری عەرەبی دەبن، هەتا لە موقابەلەکانی الجزیرة دەیان بینم هەردەم سیاسیەکانیان ڕووسی ئەسڵن کە میوانداریان دەکەن و بە عەرەبیش بەبێ تەرجومە خۆیان قسە دەکەن، تورکیاش ئێستە زۆریانم بەرچاو دەکەوێ بە هەمان شێوە، بەڵام ئینگلیزەکان هەردەم بە وەرگێڕانەوەیە، بە گشتی ئینگلیزەکان بۆ زوبانی عەرەبی زیرەك نین.

هاری: لەگەڵ کەسێکی وەك تۆدا دەکرێ پێکەوە مەشروعمان هەبێ هههە وا نییە؟

ڕۆبن: زۆریش دەکرێ، کاتی خۆی لەگەڵ چەند مامۆستایەکی زانکۆ تەنسیقمان کرد ویستم مەشروعێکی لەو شێوەیە ببەمە وڵاتی خۆمەوە، لێرە دوکومێنتەکانیشم هەمووی تەسدیق کردوو لە کوردستان مەعمەلاتم دەستپێکرد، بەڵام زۆر ماندووکەر بوو، لای ئێمە بەداخەوە تۆ ئیختساست ئیدارەیە، ئێمە ئیدارەیەکی پتەومان نییە، لە کۆتایدا وازم لێهێنا.

هاری: خۆش قسە دەکەیت و گەشبینانەیە، بەڵام دیارە دەتەوێ حەقی خۆتم لێ بکەیتەوە، بێ هیوام دەکەیت هههە وا نییە؟

ڕۆبـن: بـێ هیـوات ناکـەم، گـەر پێداگربیـت لەسـەری دەبێـت هیمەتـت بەرزتـر بکەیتـەوەو هەوڵێکـی زیاتـری بـۆ بـدەن، وە هیـچ حەقێکیشـم لات نییـە تـا حەقـت لـێ بکەمـەوە، وە تاقەتـی ئەوکێبەرکـێ بۆشانەشـم نییـە، نـەك لەبـەر تـۆ، هـەر بـە گشـتی لەبـەر خـۆم ئەوشـتانە ناگرمـە دڵ، چونکـە مـن خۆمـم خـۆش دەوێ، ڕق و شـتی زۆر لاوەکـی ناگرمـە دڵـم و ئاسـودەیی لـە خۆمـدا نەهێڵـم، هـەردەم هـەوڵ دەدەم خـۆم ئەپدەیـت بکەمـەوە، حەقیـش لـەم دونیـا بـە گشـتی ناسـەنرێ، ڕۆژێـك دێـت بەبـێ کێبەرکـێ حەقـەکان هەمـووی دێتـەوە ڕێگـەی خۆمـان.

هاری: ببورە یەکەم ڕۆژ توند بووم لەگەڵتان.

ڕۆبن: تۆ من ببورە کە زۆرتر هەر من قسە دەکەم.

هـاری: ڕاسـتی لـە دڵـەوە پێـم خۆشـە زیاتـر گوێگربـم، ئـەم جـۆرە گفتوگۆیـە لـە جێگـەی تـر دەسـتم ناکـەوێ، زانیـاری نـوێ و ئەزموونـی زیاتـری تێدایـە بـۆ مـن.

ڕۆبـن: یەکێـك لـە سـودەکانی تێکەڵـی قەومـە جیـاوازەکان ئەمەیـە، شـتگەلێك لای تـۆ هەیـە لای مـن نییـە، لای مـن هەیـە لای تـۆ نییـە، بـەم شـێوەیە ژیـان بەسـودتر و ڕەنگیـن تـر دەبـێ. بـەڵام تەنهـا بـە مەرجـێ خۆتـان لـەو حقـد و قینـە پـاك بکەنـەوە، ڕقت لەکـەس نەبێ بەهـۆی ئەوەی بێگانەیـە یـان بـاوەڕی جیـاوازە، ئەوسـا ژیانتـان سـەد لـە سـەد دەگـۆڕێ، چونکـە ڕق دونیـای دڵ وێـران دەکات، کاریگـەری لەسـەر ڕوومەتیـش دەبـێ، هەتـا بەلاتـەوە سـەیر نەبـێ دەبێتـە هـۆکاری نەخۆشـی فیزکیـش، لـە کاتێکـدا مـن ڕق بـە نەخۆشـی دەروونـی وەسـف دەکـەم.

هاری: قەناعەتم بەم قسانە هەیە، بەڵام وا نازانم ئاسان بێت.

ڕۆبـن: بێگومـان ئاسـان نییـە، بـۆ کەسـێك ڕقـی زۆر لـە دڵیـدا پەروەردەکردبێـت، چونکـە بووەتـە خەسـڵەت تێیـداو ڕەنگـی داوەتـەوە،

واتـه تێکـەڵ بـه خوێـن بـووه، پێویسـتی بـه کۆبوونـەوه هەیـه لەگـەڵ خۆتـدا، چەندیـن جـار دانیشـه لەگـەڵ خۆتـدا گفتوگـۆ بکـه، ئەقـڵ و نەفس و دڵـت هەمـووی لەگـەڵ یەکـدا بدوێنـه تـا دەگەیـت بـەو ئاسـتەی نەفسـت لەسـەر ئـەو خەسـڵەته پیسـه دوور بخەیتـەوه، ئەقڵـت کـه تەسـدیقی ئـەو شـتەی کـردووه بۆچونەکـەی بگـۆڕێ، دڵیـش ئەوسـا ئاسـودەتر دەبێـت کاتێـك دەبینـی نەفـس و ئەقڵیـش بـه بەرژەوەنـدی ئـەو کار دەکـەن، ئەنجـام مرۆڤێکـی تەندروسـت و ئاسـوده بەرهـەم دێنـێ.

هـاری: سوپاسـتان دەکـەم، ئـەم چەنـد ڕۆژه بـۆ مـن وەك خولێکـی خێـرا وابـوو، نیگەرانـم کـه ئیتـر ناتـان بینمـەوه.

ڕۆبـن: لەگـەڵ ئـەو جـۆره نیگەرانیەشـدا پێویسـته خۆمـان ڕابهێنیـن، سروشـتی ژیانـه، بەجۆرێکـی تـر پەیوەنـدی ڕۆحـی دروسـت دەبـێ دابڕانـەکان پێکـەوه گـرێ بداتـەوه، ئەوسـا لەنـاو خۆمانـدا ئەوەنـده سـەرقاڵی یـادگاری خـۆش و شتی بەسـوودمان زۆر دەبـێ، بەشێوەیەك دەرفەتمـان نابـێ بـۆ ڕق و شەڕفرۆشـتن بـه بەرانبـەر، بەنـاوی بێگانـه، مسـوڵمان، ڕەش و سپی، پلەبەنـدی کارکـردن، خـۆ بـەزل زانیـن و مەراجیع بـه بچـوك سـەیرکردن، مـن تـۆ (هـاری) لـه دڵـی خۆمـدا هەڵدەگـرم، ئـەم گفتوگۆیانـەش دەکـەم بـه نووسـین و ئـەوەی سـودی هەبـێ بـڵاوی دەکەمـەوه، تـا ئەوانـەی لـه هـەر جێگەیەکـدا کار دەکـەن سـوودی لـێ وەرگـرن، ڕقیـان لـه کـەس نەبـێ بەبـێ هـۆکارو جوانتـر خزمـەت بکـەن.

هـاری: بیرۆکەیەکـی چاکـه، ئـەو مەدالیـای بـه سـوچی سـەیارەکەتەوه پێمـی بـده، تـا یادگاریەکـی ئێـوەم لا بێـت.

ڕۆبـن: لـەوه باشـترت پـێ دەدەم و دەتوانـی هـەردەم سـودی لـێ وەرگـری بـۆ ژیانـت، ئەویـش ئـەم قورئانەیـه بـه تەرجومـەی ئینگلیزیـەوه کـه هـەردەم نوسـخەیەکم پێیـه لـه جانتاکەمـدا، فەرمـوو، ئیتـر کات نەمـاو

دەبـێ بـڕۆم.
هـاری: سوپاسـتان دەکـەم، بێگومـان ئـەم کتێبـە باشـترە، بـەڵام ببـورە لەوەیـە ئەمـە گـران بێـت و پـارەی زۆریشـتان پـێ دابـێ.
ڕۆبـن: بیـر لـە نرخەکـەی مەکـەرەو، سـەیری ناوەرۆکەکـەی بکـە. کاتێکـی خـۆش.

-----

دیـداری هـاری هـەر ئەوەنـدە بـوو، نـە پەیوەنـدی دروسـت بـوو دوای ئەوە، نـە دەرفەتـی یەکتـر بینینـەوەش، هیـوادارم گۆرانـکاری زۆر لەناخیـدا دروسـت بووبێـت و سـودی بـۆ ئێـوەی خوێنەریـش هەبـێ، تـا هـەم باشـتر کارەکانمـان ڕاپەڕێنـن و، جوانتـر لەگـەڵ یەکتریشـدا مامەڵـە بکەیـن.
خوای گەورە یار و یاوەر و پشتیوان بێ.

**کۆتایی؛**

هـەردەم هـەوڵ بـدە تۆوێـك لـە دڵ و زەینـی بەرانبـەدا بچێنـی، دەرفەتێـك بـەم هۆیـەوە هەتـە لەوەیـە بـۆ کەسـێکی تـر نەبـێ و یـان دووبـارە نەبێتـەوە، چ مەراجیـع بێـت چ هاوڕێـی کارت بـێ، ئـەو تـۆوە لـە قیامەتـدا دەیبینـی کـە چەنـد زیـادی کـردووە و بەرهەمـی هەبـووە.

هەردەم هەوڵ بدە تۆوێك لە دڵ و
زەینی بەرانبەدا بچێنی، دەرفەتێك
بەم هۆیەوە هەتە لەوەیە بۆ کەسێکی
تر نەبێ و یان دووبارە نەبێتەوە، چ
مەراجیع بێت چ هاوڕێی کارت بێ، ئەو
تۆوە لە قیامەتدا دەیبینی کە چەند
زیادی کردووە و بەرهەمی هەبووە.



# پەیامی خزمەت

## گفتوگۆی نێوان
## ڕۆبن و هاری

د.عومەر عەلی
٢٠٢٠

ISBN 978-168454167-6